www.kurdistannet.org
14-10-2006 22:53بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# كەمبوونەوەی كارەبا تووڕەیی خەڵك زیاد دەكات ... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail. com



تەزووی كارەبا یەكێكە لەپێویستییە هەرە گرنگەكانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ، بەكوژانەوەی 10 سەعات كارەبا لەدنیای پێشكەوتووی تەكنەلۆژیاو سەرمایەداریدا گەورەترین زیانی ئابووریی دەكەوێتەوە چ لەسەر ئاستی كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش مرۆڤ ناتوانێت بەبی وزەی كارەبا بژی چونكە ئەو ژیانەی ئەمرۆ لەسەری ڕاهاتووە و بۆتە نەریت لەلای ژیانێكە موحتاجی كارەبایە و بەبی ئەو مومكین نییە بتوانی بیباتە پێشەوە، لەبەرئەوە و دەیان هۆو هۆكاری دیكە كارەبا بە یەكێك لەسەرەكیترین پێداویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دادەنرێت لەسەرجەم گێتیدا. بەڵام لەكوردستان ماوەی 16 ساڵی تەواوە سیستەمی دابەشكردنی كارەبا زۆر نارێكوپێكەو نەیتوانیوە وەك پێویست و ئەوەندەی هاولاتیان دەیانەوی سوودی لێوەربگیرێت.

تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەیەك نەوەیەك هەیە تەمەنی گەیشتۆتە 18 ساڵی و وەبیری نایەتەوە كارەبای بیست و چوار كاتژمێری چییە یان بڕوای بەوەنییە كارەبا بۆ بیست و چوار كاتژمێر هەبی.

كێشەی كارەبا لەماوەی ئەم 16 ساڵەدا ئاڵۆزترین كێشە بووە و هەر بەچارەسەر نەكراویی هێشتراوەتەوە، وەلی دووسی ساڵە حكومەتی هەرێم و حیزبەكانی كوردستان بەتایبەتی دووانە سەرەكییەكە بەڵێنی جۆراوجۆریان داوە بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە، كەچی ئەمساڵ بینیمان خراپترین ساڵ بوو لەدابەشكردنی كارەبادا وەلی باشترین ساڵ بوو لەڕادەدەی باران بارین و پاشەكەوت كردنی ئاودا، لەلایەكی تریشەوە چەندین پرۆژەی بەرهەمهێنانی كارەبا باسیان لێوە دەكراو هەندێكیان بەردی بناغەشیان دانرا كەچی دەبینین ئەوانەش تەنیا مورەكەبی سەر كاغەزبوون دەنا هەر هەموویان فەشەلییان هێناوە، بەكورتی پرسی كارەبا گرنگترین پرسی ئەمرۆی هاولاتیانەو نەبوونەكەشی نارەزایی زۆری دروست كردووە و تووڕەیی خەڵكی گەیاندۆتە ئاستێكی زۆر بەرز.

هاولاتی یوسف مەحمود دەڵی: هیچ ولاتێك نییە لەم دنیایەدا كارەباكەی وەك كارەبای ئەم ولاتەی ئێمە بێت، برۆ بۆ ئەفغانستان و مۆزەمبیق و ئەیسوبیا و تەیموور كارەبای فوولیان هەیە و نازانن كارەبا بڕان چییە، كەچی لەم ولاتەدا كە دیعایەی زۆر شتی گەورە دەكەین و دەم لە زۆر مەسەلەی زەبەلاح وەردەدەین ئەوە حاڵی كارەباكەمانە كە ئەوروپا 100 ساڵیش لەمەوپێش بەمجۆرە نەبووە، خۆ ئەگەر حاڵی كارەبا لەهەر ولاتێكی تر وەك ئەوەی ئێمە بووایە بەیەك ساڵ چارەسەریان دەكردو كەسیش منەتی بەسەر هاولاتیاندا نەدەكرد.

من بەشەخسی قەناعەتێكم هەیە و دەڵێم چەند پێشكەوتن لەمێشكی مرۆڤەوەیە ئەوەندەش و بگرە زیاتریش بەهۆی كارەباوەیە، برۆ هەرچی مەكینە و ئامێرو كارگەو شت هەیە لەم دنیایەدا هەر بەكارەبا ئیش دەكات نەك بەخەڵوزو نەوت لەبەرئەوە كارەبا سەرچاوەی پێشكەوتنە.

شێرزاد جەباری-پێشمەرگەی دێرین وتی: من لەگیانی خۆم بێزار دەبم كە كارەبا دەبڕێت، جاری وا هەیە لەكاتی نان خواردندا تیكەیەك دەبەیت بۆ دەمت یەكسەر كارەبات لێدەكوژێنەوە یان جاری وا هەیە لەكاتی ئەوەندە زەروردا دەیبڕن یەك ئەمپێری 100 دۆلاری پێدەدەیت.

گەڕەکەکەی ئێمە زۆربەی رۆژ لەقرچە قرچی گەرمای نێوەرۆدا کارەبامان نییە کەچی دەمەو ئێوارە بەفێنکی بۆمان هەڵدەکەن لەکاتێکدا ئێمە لەو کاتەدا پێویستمان نییە، قەیناکە ئەمەش کە دەمەو ئێوارە هەڵیدەکەن تاشەو نییە بەڵکو لەکاتی نان خواردندا ئێوارە لێمان دەکوژێننەوە دوای بانگی خەوتنان بۆمان هەڵدەکەنەوە، گریمان ئەمەش قەیناکە کەچی سەیر دەکەی دەتەوی بخەوی سەعات 1ی شەوە چاوت دەچێتەخەو لەناکاو کارەباکە دەبڕن ئیتر خەوت لێناکەوێت تا چواری بەیانی ئیتر کاتێك دەزانی سەعات هەشتە و دەبی بڕۆی بۆ دەوام لەوێش چونکە تێر خەونەبووی خەوت دێت و کاروبارەکانت بۆ جێبەجی ناکری.
بەڕاستی ئەمە حاڵ نییە بەدەست کارەباوە، ئەوە گاڵتەکردنە بەمەشاعیری خەڵك، من داوا لە خەڵك دەکەم قبوڵی نەکەن و بەهەموو شێوەیەك دژی بوەستنەوە قەیدی چییە با رۆژێك لەخۆمان ببورین و خۆپیشاندانێك ساز بکەین. بێستون ئەحمەد دانیشتووی گەرەکی شێخ محێدین-سلێمانی وتی: وەزعی کارەبا بەعام زۆر خراپە حکومەتیش زۆر زۆر کەمتەرخەمە، چونکە کاربەدەستانی حکومەت و حیزب بیست و چوار سەعات کارەبایان هەیەو ئاگایان لەدەردی کەس نییە نازانن بی کارەبایی بەتایبەتی لەوەرزی گەرمای هاویندا چ موعاناتێکی هەیە، بڕوات هەبێت من نیوەی یارییەکانی مۆندیالم لەکیس چوو لەبەر بی کارەبایی، تەنانەت شەوی یاریی کۆتایی نێوان ئیتالیاو فەرەنسا هەر کارەبامان نەبوو چونکە محاویلەکەیان بردبووین وابزانم هیچشی نەبوو، بەس لام وایە بردبوویان بۆ گەڕەکی خواپێداوەکان چونکە لەبەرنامەی ئەم حکومەتەدا هەژار مرۆڤ نییەو ئەگەر بۆیان بکرێت چۆن هیتلەر جولەکەی لەناوبرد ئاوها هەژار و فەقیر لەناودەبەن.
ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچوو هەموو شتێك قبوڵ بکەین، لەمەودوا قبوڵی ناکەین و بەقسەی باق و بریق مەسەلەی کارەبا و مەسەلەکانی ترمان لەبیرنابەنەوە، ئیتر ئەو رۆژە بەسەر چوو.
شوان جەلیل-دانیشتووی گەرەکی چوارباخ-سلێمانی وتی: دەستم لەوە شۆردووە حکومەتی هەرێم چارەسەری کێشەی کارەبا بکات چونکە ئەم حکومەتەش بەس دەتوانی کێشە دروست بکات نەك چارەسەری بکات لەوەتی دەسەڵاتی کوردیی هەیە کێشەی کارەبا و نیشتەجی بوون بە پلەی یەکەم و هەندی کێشەی تر بەپلەیەکی تر لەئارادان کامەیان چارەسەرکراون؟
هیچیان، بەڵام خەتای خەڵکەکەشی تیایە کە هەموو جارێك دەچن دەنگیان بۆ دەدەن و وەك مەیمون بۆیان هەڵدەبەزننەوە، حەقی خۆیەتی خەڵك هەڵوێستی هەبێت دەربارەی مافی خۆی و تووڕەبی و دەسەڵاتداران بترسێنی، سەیرم لێدإ گەنجێك کە نەخەڵکی بەرازیلە ونە ئەمریکای لاتین لەسەر بەرازیل شەڕدەکات و دەگری بۆ دۆراندنەکەی کەچی نایەت لەسەر هەقی خۆی وشەیەکیش بڵی، بڕۆ سەیری ئەو خەڵکە بکە بزانە چۆن کاتی خۆیان بەفیرۆ دەدەن بەڵام ئامادەنین بێن بۆ ڕێپێوان، پەندێکی کوردیی هەیە زۆر جوانە دەڵی (تا خوا کێو نەبینی بەفری تێناکات) بەراستی دەسەڵاتی کوردیی ئەم خەڵکە مێگەلەی دیوە بۆیە هیچی بۆ ناکات و دەزانی چۆن لەتەکیدا بوەستێت.
ڕووناك عەبدوڵا-مامۆستا لە سلێمانی وتی: بەتەواوەتی بێزاربووین لەدەست بی کارەبایی، ئەمە چەند ساڵە خەڵك بی ئاو و کارەبایە قسەناکات کەچی هەر چارەسەریش ناکرێت، ئەم وەزعە وابڕوات ماوەیەکی تر کارەبا دەبێت بە 7-8 سەعات لەرۆژێکدا، بەڵام بەخوا هەر هیچ کارەباش نەدەن خەڵکەکە قسەناکات و هیچ ناڵی، بەخوا کارەبا قەت چارەسەر نابی.
زۆزگ خالید وتی: ئەم خەڵکەی ئێمە ئەوەندەی لە دەسەڵاتی کوردیی دەترسێت لەخوا بترسایە ئێستا بەهەشتی بۆ هێنا بۆیە سەر زەوی، کە کارەبا خراپ بوو لەباتی ئەوەی خەڵك ڕێپێوان بکات و قبوڵی نەکات کەچی وەك شارە مێرووله بەربوونە بازاڕەکان بۆ کڕینی مۆلیدە کەرۆژ نییە ئەو مۆلیدانە دووسی کەس نەکوژن.

من بێزار و نارازیم لەم وەزعەو لەهیچ وڵاتێکدا کارەبا وەك ئێرەنییە، وەڵڵایی حەیاچوونە بۆ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم ئەو هەموو چەنەبازیی و قسەزلە دەکەن و ئەوەش وەزعی کارەباو ژیانی خەڵکە لەسایەی دەسەڵات و حکومی ئەوانەوە.

ڕێبوار ماوەتی ئەندازیاری کارەبا وتی: پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لەرێگە چارەی تر بکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، ئێستا دوو وێستگەی سەرەکی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە کە هەردووکیان کەهرۆئاوین و پشت دەبەستن بەئاو ئەمەش کەوتۆتەوە سەر ڕادەی باران بارین.

لەلایەکی ترەوە برە پێویستی هاوڵاتیان بەرهەم ناهێنێت بۆیە پێویستە بیر لەپرۆژە و وێستگەی تر بکرێتەوە چونکە ئەگەر حکومەت بەنیازی ئەوەبی بەدوکان و دەربەندیخان لەگەڵ 50-100 مێگای عێراق کارەبا بۆ کوردستان دابین بکات بەهەڵەدا چووە و رۆژ بەرۆژیش کارەباکە کەمتر دەبێتە چونکە لەبەرامبەردا پێویستی خەڵك زیاد دەکات و لەهەمان کاتدا چڕی دانیشتوانی هەر زۆرتر دەبێت، ئینجا کەوتۆتەوە سەرئەوەی حکومەت ڕێگەی گازیی یان هەوایی هەڵدەبژێری ئەوەیان شتێکی ترە بەڵام تا ئێستا هیچ دیار نییە، منیش وەك ئەندازیارێکی کارەبایی بێزارم لەو بی کارەباییە و ماڵەکەی منیش وەك هەموو هاوڵاتیانی تر کارەبای دەبڕێت.

جوانە ساڵح-ئەندازیاری کارەبایی وتی: گلەیی هاوڵاتیان لەجێگەی خۆیدایە و نەبوونی کارەبا کێشەیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەمە لەئەستۆی کارمەندانی فەرمانگەکاندا نییە بەڵکو لەئەستۆی حکومەتەکەدایە کە بیری لەپرۆژەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای تر نەکردۆتەوە بۆ دابینکردنی برە پێویستی کارەبا بۆ خەڵك، لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان لەڕووی سروشتییەوە ئامادەیە بۆ جێبەجیکردنی پرۆژەی تری بەرهەمهێنانی کارەبا جیا لە ژێدەری ئاویی.

لەحەقیقەتیشدا گلەیی هاوڵاتیان لەجێگەی خۆیدایەو منیش دەڵێم مەگەر مردن بەقەد بی کارەبایی ناخۆش و ناڕەحەت بێت.

-وەك بینیمان زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیان بەتەواوەتی نارەحەت و بێزاربوون لەبی کارەبایی و ناشتوانن چیدی لەمەزیاتر ئارام بگرن بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم و کابینەی پێنجەم و وەزارەتی تازە دانراوی کارەبا بەجیدیی ئاوڕ لەم مەسەلەیە نەدەنەوە و هەنگاوێکی کاریگەرو فیعلی بۆ نەهاون ئەوا بی هیچ دوو دڵی و گومانێك ئەمرۆش نەبی سبەینی بورکانی توڕەیی خەڵك دەتەقێتەوە.